# ئیسلامی سیاسی

# دەیەوێت (لوبنان) وەکو (عێراق) نوقمی تیرۆر بکاتەوە

## تیرۆرکردنی ڕەفیق حەریری

دوێنێ 2005/2/15 لە کردەوەیەکی تیرۆریستی دڕندانەدا بە سەیارەیەکی بۆمب ڕێژکراو ڕەفیق حەریری کەسایەتی سیاسی ناسراو و سەرۆك وەزیرانی پێشووی لوبنان تیرۆرکرا ، هاوکات دەیان کەس لە یاوەر و پاسەوانەکانی حەریری و کەسانی دەوروبەری ڕووداوەکە کوژران و بریندار بوون. تەبیعەتی ئەم ڕووداوە تیرۆریستی یە وەکو هەمان ئەو کارە تیرۆریستیانەیە کە تیرۆریزمی ئیسلامی بە تایبەت تۆڕی القاعده لە ناوچەکەدا بە تایبەت لە عێراق و سعودیە و فەلەستین بە بەردەوامی ئەنجامی دەدەن.

ئەم پەلامارەی تیرۆریزمی ئیسلامی لە لوبنان لە کاتێکدایە کە مەترسی تەقینەوەی کێشمەکێشی سیاسی لە نێوان باڵە جۆراوجۆرەکانی ساحەی سیاسی لوبنان دا لەسەر مەسەلەی تەدەخولی سیاسی عەسکەری و ئەمنی سوریا لە لوبنان و دووبارە بوونەوەی شەڕی قەومی و تائیفی و مەزهەبی باڵی بەسەر لوبنان دا کێشاوە . حەریری لایەنگری چوونەدەرەوەی هێزەکانی سوریا و ئاسایی کردنەی وەزعی لوبنان بوو بەڵام بە هۆی دەست تێوەردانی سوریا و نارەزیەتی ئیسلامیەکان و ناسیۆلیستەکانی سەر بە سوریاوە لە چەند مانگی ڕابردوودا ئیستیقالەی لە پۆستەکەی کرد و بوو بە هێزێکی ئۆپۆزیسیۆنی خاوەن نفوزی سیاسی و توانایی ئابووری و پەیوەندی فراوانی دبلۆماسی لە بەرامبەر حکومەتی ئەمین لەحود دا.

سیاسەت و جێ وڕێی حەریری بۆ سوریا و ئیسلامیەکانی لوبنان و حکومەتەکەی لەحود جێی مەترسی بوو، بە تایبەتیش کە لەم ماوەیەی دووایی دا بەردەوامی ئەمریکا پێداگری چوونە دەرەوەی هێزەکانی سوریا بوو لە لوبنان دا . ئیسلامی سیاسی بە گشتی و قاعدەش تایبەتی بەرژەوەندیان لە مانەوەی سوریا لە لوبنان دایە، چونکە سوریا ڕاستەوخۆ لەپشتی هێزە ئیسلامیەکانی لوبنان و فەلەستین ڕاوەستاوە وئیسلامی سیاسی وەکو وەرەقەیەکی فشار بۆ تەسفیەی حساباتی خۆی لە ناوچەکەدا بە تایبەت لە ( لوبنان ، فەلەستین ، عێراق ) بەکاردەهێنێ، هەربۆیە تیرۆرکردنی حەریری و سەرکردەکانی تری ئۆپۆزیسیۆنی لوبنان و خوڵقاندنی فەزای تیرۆریستی لە لوبنان دا بە مەبەستی گۆڕینی تەوازنی هێز بە بەرژەوەندی ئیسلامی سیاسی کارێکی چاوەڕوان کراو بوو ، لەم بارەیەوە کوفی ئەنان دوو هەفتە پێش ئەم ڕووداوە حەریری و جنبلاد و چەند سەرکردەی تری ئۆپۆزیسیۆنی لوبنان لە خەتەری ڕوودانی کاری تیرۆریستی لە دژیان ئاگادارکردبووەوە .

لە لایەکی تریشەوە تیرۆرکردنی حەریری زەنگێکی خەتەری ئیسلامی سیاسی یە کە کۆمەڵگای لوبنانیش بە چەشنی عێراق و فەلەستین نوقمی تیرۆریزم بکات و سایەی بەسەردا بکێشێت بە تایبەتی دوای ئەوەی ڕێکەوتنی ئەم دوایی یەی حکوومەتی فەلەستین و ئیسرائیل هێندەی تر ئیسلامیەکانی خستە کەنارەوە و لە ئەزمەیەکی توندا ڕایگرتوون و بە شوێن مۆڵگەی ترەوەن لە ناوچەکەدا تا بتوانن سەری تیا دەربهێننەوە و لاسەنگی وجود و هەڵسوڕانی خۆیانی لە ناوچەکەدا پێ قەرەبوو بکەنەوە.

هەربۆیە تیرۆرکردنی حەریری تەنها ڕووداوێکی ناوخۆیی ناو لوبنان نی یە، بەڵکو هاوکات خۆنیشاندانێکی تری ئیسلامی سیاسی یە لە بەرامبەر ئەمریکا و سەرەتایەکە بۆ نقوم کردنی لوبنان لە تیۆریزم و شەڕی تائفی و مەزهەبی لە لایەك و زاڵکردنی فەزای ئیرهاب و توند و تیژی لە ناوچەکەدا لە لایەکی ترەوە. ئەم ڕووداوە ئەگەری تەدخولی سەربازی دەوڵەتەکانی ناوچەکە و جیهان بەتایبەت ئەمریکا لە لوبنان دا دەهێنێتە پێشەوە. کە یەکەم هەنگاوی بە کشانەوەی نوێنەری سەفارەتی ئەمریکا لە سوریا و گێڕانەوەی سەفیری سوریا لە ئەمریکا دەستی پێکرد.

## خۆپیشاندانی خەڵکی لوبنان

تیرۆرکردنی حەریری هەموو خەڵکی لوبنانی هەژاند . سەرەڕای ئەوەی حەریری نفوزێکی سیاسی لەناو لوبنان دا هەیە و بە ڕەمزی ئاشتی و کۆتایی هێنان بە شەڕی ئەهلی و بنیاتنانەوەی لوبنان ناسراوە، سەرەڕای ئەوەی تیرۆرکردنی کردەوەیەکی دژی ئازادی و نائینسانی یە و مەحکومە ، بەڵام هاوکات سەرەڕای ئەمانە خەڵکی لوبنان بە دوای بڵاوبوونەوەی هەواڵی تیرۆرکردنی حەریری دا زوو هەستیان بە خەتەری ئەم ڕووداوە کرد و ڕژانە سەر جادەکان ، بە شێوازی جۆراو جۆر نارەزایەتی و بێزاری خۆیان لەم ڕووداوە دەربڕی. ڕۆژی بە خاك سپاردنی حەریری بوو بە ڕۆژی ڕێپێوان و خۆپیشاندانی جەماوەری خەڵك و ئەوەیان نیشانی هەموو دنیا دا کە خەڵکی

**لوبنان به جیا له ئینتمای میللی و دینیان  تیرۆریزمی ئیسلامی یان ناوێ ، هێزەکانی سوریایان له وولاتەکەیان دا ناوێ ، کێشمه کێشی قەومی و مەزهەبی و تائیفی یان  ناوێ ،  وولاتێکی ئاسایی و ژیانێکی ئارامیان دەوێ .**

**ئەم ڕووداوه تیرۆریستی یه زەنگێکی خەتەری تری ئیسلامی سیاسی یه  بۆ ناوچەکه به گشتی و لوبنان به تایبەتی ، هەربۆیه پێویسته به هاودڵی و هاودەنگی خەڵکی ئازادیخوازی ناوچەکه و جیهان لەگەڵ خەڵکی ئازادیخوازی لوبنان له دژی تیرۆریزمی ئیسلامی و تەدەخولی سەربازی سوریا و دەوڵەتەکانی ناوچەکه و جیهان له لوبنان دا  وەڵام بدرێتەوە.**

**سامان ئەحمەد**

**16/ 2 / 2005**